# له یادی فتوای جهادی (رابەری ئێران ئایەتوڵا خومەینی)
# بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد



فتوای جهاد بەی، یا ئەمری ئاشتی
بە راستی بژی، یا بە شەیادی
لە بۆ هەر دوویان یادت ئەکەنۆ
بۆ ئەمیان چلۆن ؟!
بۆ ئەویان چلۆن ؟!
***



لە چاپخانە پیتەکان بەلای یەکەوە رائەگرن،
مرۆڤەکانیش لە کوردستان!!
ئەویان دەبێت بە پەرتووک
ئەمیان دەبێت بە گۆڕستان !!

***

ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆمارئ ئێران لە پێناو ئەنجامدانی گرنگترین ئەرکی ئایینی، ئایینی ئیسلام واتە جهاد، کوتی: **من، وەک (سەرۆککۆماری ئێران و سەرۆکی هێزی سەربازی ئێران) رادەگەیەنم: تا سەرکوتکردنی کوردستان، هێزی سەربازی ئێران نابێت بەنی پۆتین و پۆستاڵەکانیان کەنەوە!**

بە دوای ئەوەدا کوردستان بوو بە گۆمی خوێن، هێزە ئێرانییەکان جگە لەوە دەستیان دایە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی هەژاری کوردستان!

کاتێک بەنیسەدر لە سەرۆککۆماری ئێران وەلانرا و خۆی شاردەوە، **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کەوتە یارمەتیکردنی و کردی بە (سەرۆکۆماری ئێران، لە دەرەوەی ئێران). ئێستایش وا لە فەرانسە!**

**دەڵێن: چەن ساڵ پێش {(رادیۆ رۆژهەلات) رادیۆی کۆمەڵە} وتووێژی لەگەڵ بەنیسەر کردووە، تا بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە داهاتووی ئێران بەیانکات.**
**هەروەها دەڵێن: {(تیشک تیڤی) تەلەڤیزیۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران}یش وتووێژێکی سەبارەت بە هەمان بابەت لەگەڵ ئەنجامداوە.**

بەو هیوایە ئەو هەواڵە درۆ بێت، ئەگەر راست بێت نەخۆشی فەرامۆشکاری ( **ئاڵزامیری کوردی**) لە ناو رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا گەڵێ گەشەی کردووە •

سەعی سەقزی 10 - 08 - 007